United Nations Nations Unies
الأمم المتحدة

Office for the Coordination of Humanitarian Affairs
مكتب الأمم المتحدة لتنسيق الشؤون الإنسانية

هەڵسەنگاندنی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ زیانەکان لە ڕۆژئاوای موسڵ نیشانی دەدات کە وێرانکاریەکی بەرفراوان هەیە

(بەغدا، ١٣ی نیسانی ٢٠١٧): تازەترین هەڵسەنگاندن لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نیشتەجێکردن، بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نیشتەجێکردنی مرۆیی، پشتڕاستی دەکاتەوە کە زیانێکی بەرفراوان لە ڕۆژئاوای موسڵ هاتوتە کایەوە.

زیاتر لە ١١٤٠ شوێنی نیشتەجێبوون لەسەرانسەری شارەکە وێرانکراون. بە بەکارهێنانی وێنەی مانگی دەستکرد و زانیاری لەلایەن سەرچاوە ناوخۆییەکان، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نیشتەجێکردن پشتڕاستی دەکاتەوە کە زیان پێگەیشتنی خانووەکان دوو جار و نیو گەورەترە لە ڕۆژئاوای موسڵ لە چاو قەزاکانی ڕۆژهەڵات. یەك لەسەر سێ ی زیانی نیشتەجێ لە گەڕەکی ئەل جەدیدە لە ڕۆژئاوای موسڵ ڕاپۆرت کراوە.

خاتوو. لیز گراندێ، ڕێکخەری مرۆیی بۆ عێراق گوتی، "ئاستی زیان لە ڕۆژئاوای موسڵ بەر لەوە زۆر گەورەترە لە چاو زیانەکەی ڕۆژهەڵات، هەتا پێش دەستپێکی جەنگەکەش بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی شاری کۆن". "نزیکەی ٣٠٠,٠٠٠ هاوواڵتی لە ڕۆژئاوای موسڵ ڕایانکردووە. بە سەدان و هەزارانی تر لەوانەیە لە ڕۆژهکان و هەفتەکانی داهاتوودا ڕابکەن."

خاتوو. گراندێ گوتی، "خانووەکان وێرانکراون. قوتابخانەکان و سەنتەرە تەندروستیەکان زیانیان پێگەیشتووە و ژێرخانی گشتی زۆر گرنگیش لەوانە کارەبا و ووێستگەکانی ئاو خاپوورکراون،"."لە ژێر یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی، لایەنەکانی ئەم ململانێیە ناچارن کە دەبێت هەموو شتێك دەکرێت بیکەن بۆ پاراستنی هاوواڵتیان و سنوردارکردنی زیان پێگەیشتن بە ژێرخانی مەدەنی. هیچ شتێك لەوە گرنگتر نیە."

بۆ زانیاری زیاتر، تکایە پەیوەندی بکەن بە:
دامیان ڕانس، بەرپرسی پەیوەندیەکان، لە نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هەماهەنگی کاروباری مرۆیی لە عێراق،
(rance@un.org)

The mission of the United Nations Office for the Coordination of Humanitarian Affairs (OCHA) is to mobilize and coordinate effective and principled humanitarian action in partnership with national and international actors.